www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:10 7-3-2007

## گوڵێک بۆ گووڵەی خۆشەویستم ... م. حەمید عەزیز

(بەبۆنەی 3/8)

گووڵە ئەمرۆ ڕۆژی تۆیە گووڵم هێنا
تا هەناسەی تێکەڵ بەهەناسەت کا
لەمێژە گووڵ تینوی تۆیەو تەنیا ئەگری
بیری ڕۆحی پاتسقەیی پاکت دەکا
منیش گووڵە شەو نەخەوتووم بیری تۆم کرد
بۆ چەند ساتێ باپێکەوە خەم بەین بەبا
تۆ ئەزانی لەهەرکوێ بی بیرت ئەکەم
ئۆقرەم نی یە خۆشم دەوێی پڕ بەدنیا
تۆ شاگووڵی باخچەی عەشق و دنیای جوانیت
تۆ ئاواتی پەنجەرەی سۆز بەڕوی منا
توخوا مەڕۆ با تێر جوانیت تەماشاکەم
گووڵە ئەمرۆ جوانی و گەنجی تەمەن ئەیبا
ئەمرۆ گەش و جوان. . سبەی سیس و پیر
کێ کاتی هەیە نیگامان بکا
بەلافاوی جەورو ستەم تەمەن ئەڕوا
جێی دەهێڵین ژین و بوون هەموو دەڕۆین بەرەو فەنا
توخوا گووڵە ڕووت وەرگێڕە بۆ ماچی لێو
دووای ئەو ماچە دەرچێ ڕۆحم بۆتۆ قەینا
گووڵم تاسام کەتۆم بینی هۆشم نەما
لە بیرم چوو کە من بۆتۆ گووڵم هێنا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.